# * سەمای سەوزی قەقنەسەکان *

**بە بۆنەی سوتانی 63 لاو لە دیسکۆتێکێکی شاری یۆتۆبۆری سوید، لە رۆژی 30 / 10 ی 1998 دا**



لەگەڵ گەڵارێزانی پایزەبەیانێکدا تاک تاک مەلی رەنگین چای ناز و خوشەویستییان لە خەو هەڵهینا، وردە وردە بەرەو لانەی زانست وەرێ کەوتن. لە خانەی زانستدا تێکەڵاوی پۆلە مەلانی دیکە بوون و پۆل پۆل چوونە پۆلی وانەوە.

پاش ئەوەی مێشک و دڵ و دەروونیان بەوانەی تازە، تازە کردەوە بیریان لەوە کردەوە ئەو چەند رۆژەی کە لەیەک دوورن چۆناوچۆن دێوەزمەی خەم لە خۆیان بتارێنن، رایان هاتە سەر ئەوە شەوێ لە هۆڵێکدا کۆبنەوە و بە هەوای دانس و سەما و هەڵپەرین لەسەر سنگی مۆتەکەی خەم شادی بگێڕن.

لەگەڵ تاریک بوونی هەوا، لەژێر تیشکی گولۆپی جادە و کۆڵانەکانی (هامارکولای-یۆتۆبۆری)دا روویان کردە ژوانگەی ئەوڤین، لە دوورگەی (هێسنگێن)

لەگەڵ بەرز بوونەوەی ئاهەنگی موزیگ کچان و گوڕانی لاو کەوتنە خۆ،
پاشان دەستێ کەوتە کەمەر و دەستێ کەوتە گەردن و دوو دوو کەوتنە هەڵمژینی بۆنی خۆشەویستی.

هێشتا چاوانی گەشی ئەو مەلانە تامەزرۆیان لەیەک نەشکا بوو،
هێشتا هەناسە گەرمەکان تێکەڵاوی یەک نەببوون مۆتەکەی نگریسی خەم،
مۆتەکەی بۆغز و گین،
مۆتەکەی قار و قین
بە شێوەی هەمیشەیی بێزار لە <u>شادی</u> ناوچاوی گرژ بوو، ژینی لێ تار بوو

پاشان دەستی ناپاکی خستە گەڕ، چاوگەی شادی کرد بە کانی شین، هۆڵی ڕەنگینیشی کرد بە تاریکستان و لە چاوتروکانێکدا 63 مەلی ڕەنگینی کرد بە قەققنەس و پەڕوباڵی زۆریشی هەڵپروزاند،
بە غەڕڕاییەوە نەڕانی: **سەردەم سەردەمی منەو بەس!**

لەناکاو فریشتەی ئەوڤین دای لە قاقای پێکەنین و گوتی:

**وەرە، وەرە، بڕوانە لە ئەنگوسیلەی ئەو دڵدارانە کە لە پەنجەی ناسکی دڵبەراندا بووە بە نیگار، سەیری گوارەی دڵبەران کە چلۆن بووە بە نگینی دڵی دڵدار.**

لەسەرخۆ کوتی:

**تۆ، ڕەنجەڕۆی**
**تۆ، بە ئاکام ناگەی**
**ئەبێ بزانیت و تێبگەی**
**کە جهان، جهانی ئەوڤینەو بەس**
**نەک مەکۆی ناپاک و ناکەس!**

با ئێمەیش بڵێن ئەم کارساتە ئەگەر دەستی سروشت بوو، دەستی لە بنا هەڵوەرێ!
ئەگەر دەستی ناپاکی و دژی مرۆڤایەتیش بێ، خاوەنی ئەو دەستە هەردەم لەگەڵ خۆیدا لە جەنگدا ئەبێ تا ئەگاتە شەرمەزای.

❊❊❊

**وێنە لە کتێبی ( En döddansares visor ) گۆرانییەکانی سەماکەرێکی مەرگ –**
**بە پێنووسی ( Nils Ferlin )**

**قەقنەسەکان**

ئەو مەلانەی لە (هیسنگێن)
ئەو مەلانەی لە یۆتۆبۆری
ئەو مەلانەی لە سوید
بوون بە قەقنەس
هەموویان کورد بوون
هەموویان فارس بوون
هەموویان عەرەب بوون
هەموویان سویدی و سۆمالیایی بوون
هەموویان رۆڵەی ئەم جهانە بوون
هەموویان لە هەمە دەنگ و هەمە رەنگ بوون
بەڵام بە یەک رەنگ چوونە کاروانی نەبوون
رەنگی پاکی پاکان،
رەنگێ پاکتر لە رەنگی ئینسان
رەنگێ جیاواز لە رەنگی خواکان
ئەو مەلانەی کە بوون بە قەقنەس
ئەو مەلانەی کە بوون بە قەقنەس!

**ئەو دوو بابەتەی سەرەوە لە ساڵی 1998 دا**
**لە تەلەڤزیۆنی ئازاد کە کاناڵێکی کوردی بوو بەخشکرایەوە.**
**هەروەها قەقنەسەکان لە ژمارە 109 ی گۆڤاری بەربانگ لە**
**سالی 1998 دا چاپکرا.**

# پرنده آتشزی

آن کبوترانی که در هیسنگن
آن کبوترانی که در یوتبوری
آن کبوترانی که در سوئد
ققنەس گشتند
همگی کرد بودند،
همگی فارس بودند،
همگی عەرەب بودند
همگی سوئدی و سومالیایی بودند
همگی با یک رنگ به پرواز درآمدند
رنگ پاک پاکان،
رنگی بالاتر ز رنگ انسان،
رنگی سوای رنگ خدایان
آن کبوترانی که ققنەس گشتنند.

ققنەس: 1 - پرنده افسانەی است که در آتش زندگی میکند-
2 – چیزی هم که زیاد در آتش بسوزد و به حالتی
نزدیک به ذغال شدن پیدا کند.

سالی 1998

سەعی سەقزی
qayshi@yahoo.com